# تۆڵەی تاوانەکان لە ئیسلامدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

زاگرۆس هەمەوەندی

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ إقامة الحدود في الإسلام ﴾

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# تۆڵەی تاوانەکان لە ئیسلامدا

سوپاس وستایش بۆخوای گەورە ومیهرەبان و درود و ڕەحمەتی فراوان بۆ سەرگیانی پاکی پێشەوای محمد المصطفى و سەرجەم هاوەڵ وشوێکەوتوانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستان کۆمەڵێك بابەتتان بۆ ڕوون دەکەینەوە لەسەر تۆڵەی تاوانەکان لە ئیسلامدا سەرەتا بفەرموون لەگەڵ ئەم دەستپێکە :

**یەکەم: پێناسەکەی:**

لەزمانی عەرەبی دا (حُدُود) کۆی (حـَـدّ )ە بەمانەی ڕێگرتنە، کە ناهێلێ دوو شت تێکەڵ ببن ، لە شەرع دا : تۆڵەیەکی دیاری کراوە لە شەرع دا دانراوە بۆ پاراستنی مافی خوا.

ئەو تۆڵانە لە ئیسلام دا بۆ ئەوە دانراون خەڵك ئەو تاوانانە نەکەن کە زیانیان بۆ هەموو کۆمەڵگا هەیە بەگشتی، چونکە ئەگەر تاوانباران سزا بدرێن لەسەر تاوانەکانیان خەڵکانی تری پێ تەمبێ دەبێ .

**دووەم: بەشەکانی سزا**

ئەو سزایانەی ئیسلام دایناوە لەبەرانبەر تاوانەکاندا دوو بەشە : تۆڵەکان و تەمبیەکان پێشتر پێناسەی تۆڵەکانمان کرد، تەمبیەش: تۆڵەیەکە دیاریکراونیە بەڵکو قازی خۆی دیاری دەکات کە لەگەڵ ئەو تاوانەدا گونجاوبێت وە شیاوی تاوانبارەکە بێت.

### سێ یەم: تۆڵە دیارکراوەکان

تۆڵە دیارکراوەکان شەشن : تۆڵەی زینا ، تۆڵەی بوختانی زینا ، تۆڵەی دزی ، تۆڵەی ئارەق خواردنەوە ، تۆڵەی ڕێگری ، تۆڵەی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام .

### چوارەم: گەورەیی جێبەجی کردنی تۆڵەکان:

(عن أبي هُرَيْرَةَ قال قال رسول اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) حَدٌّ يُعْمَلُ بِهِ في الأرض خَيْرٌ لِأَهْلِ الأرض من أنْ يُمْطَرُوا أَرْبَعِينَ صَبَاحًا) { رواه ابن ماجة (٢٥٣٨ ) وهو حديث حسن } واتە: ئەبوهورەیرە ( ڕەزای خوای لێبێ ) دەڵێ : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: تۆڵەی تاوانێك جێبەجێ کرێت لە زەویدا بۆ خەڵکی لەوەی چل ڕۆژ بارانیان بۆ ببارێ پاکترە.

### پێنجەم: پۆشینی ئیماندار:

ئەگەر باوەردارێك تاوانێکی کرد سونتە بپۆشرێت و ئاشکرا نەکرێت مەگەر زیانی گەورەی لێ بکەوێتەوە ئەو کاتە دروست نیە پۆشینی. (قال: رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) كُلُّ أُمَّتِي مُعَافًى إلا الْمُجَاهِرِينَ وَإِنَّ من الْمُجَاهَرَةِ أَنْ يَعْمَلَ الرَّجُلُ بِاللَّيْلِ عَمَلًا ثُمَّ يُصْبِحَ وقد سَتَرَهُ الله فَيَقُولَ يا فُلَانُ عَمِلْتُ الْبَارِحَةَ كَذَا وَكَذَا وقد بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللَّهِ عنه) { رواه البخاری (٦٠٦٩ ) و مسلم (٢٩٩٠ )} واتە: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: هەموو ئوممەتی من چاوپۆشی لێ دەکرێ جگە لەوانە تاوانەکانیان ئاشکرا دەکەن . ئەو ئاشکراکردنەش ئەمەیە کە کەسێك تاوانێ بکات لەشەودا پاشان کە ڕۆژ دەکاتەوە خوای گەورە تاوانەکەی بۆ پۆشیوە ، ئەنجا دەڵێ : فڵان کەس من دوێنێ ئەوەو ئەوەم کرد کە بێگومان پەروەردگاری بۆی پۆشیبوو بەڵام ئەو کە ڕۆژ دەکاتەوە داپۆشینەکەی خوا بۆی کردبوو ئاشکرای دەکات.

(..وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ الله في الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ..) { رواه مسلم (٢٦٩٩)} واتە: وە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێ: هەرکەس موسوڵمانێك بپۆشێ خوا لە دونیا و دوارۆژدا دەیپۆشێت.

### شەشەم: تکاکردن بۆ جێ بەجێ نە کردنی تۆڵەکان :

دروست نیە دوا ئەوەی تاوانبار تاوانەکەی گەیشتە لای قازی تکا بکرێت تۆڵەی تاوانەکەی بەسەردا جێبەجێ نەکرێت.

(عَنْ عَائِشَةَ - رضى الله عنها أَنَّ قُرَيْشًا أَهَمَّتْهُمُ الْمَرْأَةُ الْمَخْزُومِيَّةُ الَّتِى سَرَقَتْ فَقَالُوا مَنْ يُكَلِّمُ رَسُولَ اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم - وَمَنْ يَجْتَرِئُ عَلَيْهِ إِلاَّ أُسَامَةُ حِبُّ رَسُولِ اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم - . فَكَلَّمَ رَسُولَ اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم - فَقَالَ « أَتَشْفَعُ فِى حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ » . ثُمَّ قَامَ فَخَطَبَ قَالَ « يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا ضَلَّ مَنْ قَبْلَكُمْ أَنَّهُمْ كَانُوا إِذَا سَرَقَ الشَّرِيفُ تَرَكُوهُ ، وَإِذَا سَرَقَ الضَّعِيفُ فِيهِمْ أَقَامُوا عَلَيْهِ الْحَدَّ ، وَايْمُ اللَّهِ لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعَ مُحَمَّدٌ يَدَهَا ») { رواه البخارى (١٦٨٨ ) و مسلم (٦٧٨٨)} واته: عايشه ( رزای خوای لێبێت ) دەڵێ: قوریشیەکان ئەو ئافرەتە مەخزومییەی کە دزی کردبوو زۆر خەفەتباری کردبوون جا ووتیان: کێ لە بارەیەوە قسە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەکات جا کێ لە ئوسامەی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەوێرێ بەو قسەیە ، ئەنجا ئوسامەش قسەی لەگەڵ پێغەمبەری خوا کرد ( صلى الله عليه وسلم ) ئەویش فەرمووی: تۆ لەتۆڵەیەك لە تۆلەکانی خوا دا تکا دەکەیت پاشان هەستایە سەرپێو ووتارێکی دا و فەرمووی: ئەی خەڵکینە بێگومان خەڵکانی پێش ئێوە بۆیە گومرابوون چونکە ئەگەر کەسێ ناودارو گەورە دزی بکردایە وازیان لێ دەهێنا بەڵام ئەگەر کەسێ لاواز لەناویاندا دزی بکردایە سزایان بەسەردا جێ بەجێ دەکرد سوێند بە خوا ئەگەر فاتیمەی کچی موحەمەد دزی بکات موحەمەد دەستی دەبڕێت.

**حەوتەم: جێ بەجێ کردنی تۆڵەکان دەبێتە کەفارەتی تاوانەکە :**

(عن عُبَادَةَ بن الصَّامِتِ قال كنا مع رسول اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) في مَجْلِسٍ فقال تُبَايِعُونِي على أَنْ لَا تُشْرِكُوا بِاللَّهِ شيئا ولا تَزْنُوا ولا تَسْرِقُوا ولا تَقْتُلُوا النَّفْسَ التي حَرَّمَ الله إلا بِالْحَقِّ فَمَنْ وفي مِنْكُمْ فَأَجْرُهُ على اللَّهِ وَمَنْ أَصَابَ شيئا من ذلك فَعُوقِبَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ له وَمَنْ أَصَابَ شيئا من ذلك فَسَتَرَهُ الله عليه فَأَمْرُهُ إلى اللَّهِ إن شَاءَ عَفَا عنه وَإِنْ شَاءَ عَذَّبَهُ) { رواه البخارى ( ٦٧٨٤ ) و مسلم (١٧٠٩/٤١)} واته: عوبادەی کوری ێامت ( رەزای خوای لێبێ ) دەڵێ: لەکۆرێکدا ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بووین ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: پەیمانم پێ بدەن لەسەر ئەوەی هاوبەش بۆ خوا پیدانەکەن و دزی و زینا نەکەن بەهەق نەبێت کەسێك نەکوژن کە خوا کوشتنی ئەوی حەرام کردووە جا هەرکەستان ئەمەی بردە سەر ئەوە پاداشتی لای خوایە ، هەر کەسیش هەندێ لەو تاوانانەی توشی بووە تۆڵەی لێ سەندرا لەسەری ئەوە کەفارەتە بۆی هەر کەسیش هەندێ تاوانی لەوانەی کرد و خوا بۆی پۆشی ئەوە کاری لای خوایە ئەگەر ویستی لێی خۆش دەبێ وە ئەگەر ویستی سزای دەدات.

**هەشتەم: كێ تۆڵەی تاوانەكان جێ بەجێ دەكات :**

تەنها گەورەو پێشەوای موسڵمانان یان نوێنەرەكانی تۆڵەی تاوانەكان جێ بەجێ دەكەن . چونكە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خۆی تۆڵەكانی جێ بەجێ دەكرد لە ژیانی خۆیدا ، دوا ئەویش خەلیفەو جێنیشینەكان خۆیان جێ بەجێیان دەكرد وە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) نوێنەری خۆی ناردووە بۆ جێ بەجێ كردنی تۆڵەی تاوانەكان دەفەرموێ: (« وَاغْدُ يَا أُنَيْسُ إِلَى امْرَأَةِ هَذَا ، فَإِنِ اعْتَرَفَتْ فَارْجُمْهَا») { رواه البخاری (٢٦٩٥،٢٦٦٩ ) ومسلم (٢٥/ ١٦٩٧ ) ومالك ٨٢٢/٢ (٦)} واتە: ئەنەسەبچكۆل برۆ بۆ لای ژنی ئەم كابرا جا ئەگەر دانی بەوەدانا كە زینای كردووە ئەوە بەرد بارانی كە تا دەمرێ.

بەوەندە ئیكتفا دەكەین لەم سەرەتای دەسپێكەوە تا بەیەك گەشتنەوەیەكی تر و بابەتێكی نوێ دەربارەی حوكم وتۆڵەی دزی لە ئیسلامدا بەخواتان دەسپێرم و خواتان لەگەڵ .